# دادگایەکی ئەڵمانی کوردێک بەهاریکاریکردنی ئەلقاعیدە سزا دەدات



ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 2008.06.19، دادگای باڵای شاری "Celle" لە وڵاتی ئەڵمانیا سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بۆ کوردێکی لەدایکبوویی شاری کەرکووک دەرکرد.

هەروەک ئاژانسەکانی هەواڵی ئەڵمانی بڵاویانکردەوە، "ئیبراهیم ڕەشید"ی تەمەن 37 ساڵ لەڕێگای ئێنتەرنێتەوە وتار و هەڕەشە بڵاوکراوەکانی سەرانی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی بڵاوکردۆتەوە و لەڕێگایەوە بانگهێشتی بۆ "جیهاد" کردووە.

لەمیانەی خوێندنەوەی بڕیاری دادگا، دادوەری دادگای ئەڵمانی ڕوونیکردەوە، کە تاوانبار لەڕێگای"Paltalk" ەوە وتارەکانی زەرقاوی، زەواهیری و بن لادنی بڵاوکردۆتەوە و هاوکات بانگهێشتی بۆ "جیهاد" لە ئێراق کردووە .

"ئیبراهیم ڕەشید" لە 1970.07.01 لەشاری کەرکوک لەدایکبوو و لەساڵی 1996دا ڕوویکردۆتەوە ئەڵمانیا و پاشتر وەک پەناهەندەیەک وەرگیراوە. پێش گرتنی لەگەڵ هاوسەرەکەی و چوار منداڵەکەی لەشاری "Georgsmarienhütte"ی نزیک شاری "Osnabrück" ژیاوە .

تاوانباری ناوبراو لەڕێگای ژووری "ئەلئەنسار" لە "Paltalk" ڕۆژانە و بەبێ وەستان وتارەکانی سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی لێداوە و هاوکات شادمانی خۆی بەرامبەر تەقینەوە خۆکوژییەکانی ناو ئێراق دەربڕیوە و خۆکوژەکانی وەک شەهید ناوبردووە .

ڕەشید تەنها بەکاری بڵاوکردنەوەی وتارە تۆمارکراوەکانی سەرانی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەڵساوە بە بڵاوکردنەوەی لینکی ڤیدیۆ خۆکوژییەکان، ئەوانەی بەهۆیانەوە چەند هاوڵاتی سیڤیل و پۆلیس و سەرباز لە ئێراق گیانیان لەدەستداوە. هەروەها لینکی وتارەکانی سەرانی ئەلقاعیدەی دووبارە لە ژووری "ئەلئەنسار"دا بڵاوکردۆتەوە.

سزادانی ڕەشید لەلایەن دادگاییەکی ئەڵمانییەوە بەهەنگاوێکی گرنگی هەوڵەکانی جەنگ دژ بە تیرۆر دادەنرێت. چونکە پێشتر لە وڵاتی ئەڵمانیا هیچ کەسێک لەسەر بڵاوکردنەوەی وتار و لینکی ڤیدیۆ خۆکوژییەکان لەڕێگای تۆری نێتەوە سزا نەدراوە.

"ئیبراهیم ڕەشید" لە مانگی ئەیلوولی 2005ەوە لەلایەن دەزگاکانی پاراستنی ئاسایشی ئەڵمانییەوە چاودێریکراوە و لە تشرینی یەکەمی 2006 بەپێی بڕیارێکی دادگا دەستگیرکراوە.

چاوەڕێی دەکرێت، پاش بەسەربردنی سزای سێ ساڵەی بەندکردن، "ئیبراهیم ڕەشید" ڕەوانەی ئێراق بکرێتەوە.

سەرچاوەی هەواڵ:

**NDR**